## کورسی شێرکۆ بێکەس ... حەکایەتێکە بۆ منداڵان ... د. ئەحمەدی مەلا

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەینە سێ بەشەوەوە:

١- خوێندنەوەی وشەیەکی پێویست و قەیرانی زاراوە و بۆچوونەکان.

٢- بەکارهێنانی مێتۆدی بنەمای بازنەیی و بنەمای شاقووڵی.

٣- جیهانبینی و چمکە سێمانتیکییەکان

١- خوێندنەوەی وشەیەکی پێویست و قەیرانی زاراوە و بۆچوونەکان.

لە نێو ئەدەبیاتی کوردی. یا لە نێو ئەدەبیاتی رەخنەئامێز و بیردۆزە و زانستە رەخنییەکان دا. ئێمەی کورد چەندی دەیەیە لە سەر کلێشە حازر بەدەستەکان و زاراوەگەلێک کە بەشێکی لە بەلاغەتی عەرەبی کلاسیکییەوە گەیشتۆتە ئێمە. دەقەکانمان خوێندەوە و شیمان کردۆتەوە و لێی تێگەیشتووین و هەندێ جاریش چێژمان لێی وەرگرتوون. ئەمە لە کاتێک دا ئەو سەرچاوە مەعریفییە خۆی کورت دەهێنێ و لە توانای دا نییە گشت سووچ و کەلێنەکانی دەقمان بۆ بخوێنێتەوە. بۆیە لە زۆر باردا. رەخنە یا خۆی بە وەسف و ستایشەوە خەریکردووە یا لە زەم و داشۆڕیی دا خۆی نزیکردۆتەوە. سەرتاپای ئەدەبیاتی ئێمەش یا لە دەور گرووپێ. یا لە دەور حیزبێ یا لە دەور تەکەتوولێکی دیاریکراو گەشەی کردووە. ئەم تێگەیشتن و دیدەنیگایەش هەندەی خۆی لە خزمەتی چمکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا تەرخان کردووە. هەندە خۆی بۆ چێژە راستەقینە و رەهەندە ستاتیکی و دونیای ناوەکی دەق ئامادە نەکردووە.

بۆیە لە دوا پێناسەش دا. ئەدەب هەندەی وەک ئاوێنە سەیر کراوە. هەندە وەکو فەزایەکی دیکەی جوداواز تەماشا نەکراوە. بە کورتی ئەدەبییاتی ئێمە دەمێکە لە قەیرانەکانی خۆی دەخواتەوە و زۆر بێدەنگانە شتەکان قبووڵ دەکات و ئەگەریش زۆر جار قەڵەممان وەکو شمشێر لە رووی دەیان نووسەر و چەمک و فەلسەفە جوداکانی دونیا بەکارهێنابێت. ئەوەی لە ئاست چەندینیش لە پێناو خۆ نزیکردنەوە. بێدەنگ بووینە. واتە دونیای ئەدەبییاتی ئێمە زۆر کەم بێلایەن تەماشای بەرهەمە ئافراندراوەکانی کردووە و دەکات.

تێکستی کورسی شێرکۆبێکەس. هەروەکو نووسەر ئاماژەی بۆ دەکات: تێکستێکی والایە و لە شیعر و چیرۆک و پەخشان و شانۆنامە و رێپۆرتاژ هتد پێکدێت و بە نیشانەی سەرسوورمانیش کۆتایی بەم دیاریکردنە دەدات. سەرسوڕمان لە چی؟ لەوەی کە ئەم تەرحە ئەدەبیاتە لە یەک بۆتەدا کۆبوونەتەوە یا سەرسووڕمان لەوەی کە شیرکۆ بێکەس ئەمە ئاوێتەبوونەی ئەنجامداوە. لە سیمیۆلۆژیادا دەکرێ زیاتر بە دووی ئەم وردەکارییانەدا بڕۆین و واتای شاراوە بەدەست بهێنین. بێگومان تووشی سەرسووڕمانمان دەکات کاتێک نووسەر خۆی شەرحی دەقی خۆی دەکات!

لە پێشەکی دا نووسەر دەنووسێ: لە هەندێ شوێندا شیعر ئەبینی و لە هەندێ جومگەی تردا پەخشان و لە بەشێکی تردا چیرۆک و لە هەندێ ئاستی تردا شانۆنامە و تەنانەت راپۆرتاژ... لا٨.

سەجادی * لە دەقەکانی ئەدەبی کوردی لە لا. ١١٥/١١٦ دەنووسێ: پەخشان بەو قسە و رستەیە ئەوترێ کە هۆش و هەستی مرۆڤ پیشان بدا و بێ بەش بێ لە کێش و سەروا لە شوێنێکی دیش دەڵێ: لە گەڵ ئەوەشا لە هۆنراوە و پەخشان لە یەک نزیکن. چونکە هەردووکیان ئەدەبن و ئەدەب بەو دووە تەواو دەبێ بەڵام کاتێک دێتە سەر ئەوەی لە نێو هۆنراوە وپەخشان بەرواودر بکات. سەجادی دەڵێت: پەخشان نە بەستراوە بە کێش و سەرواوە. بەڵام هۆنراوە پابەندی ئەم دوانەیە . لا ١٨.

بە کورتی دەگەینە ئەم سەرنجامە:

هۆنراوە = سۆز + هەست+ کێش+ سەروا.

پەخشان = هۆش + هەست.

هەروەها لەهەمان پێشەکی دا. شێرکۆ بێکەس دەڵێت: قسەی رووتیشێ تێئەکەوێ و لە ئەنجامیش دا بە جۆرێ لە رۆمان دروست دەبێ . پێشتریش دەلێ: بە گشتی فەزای زاڵ و وێنەی زاڵ زمانی مەجازی شیعر و سەبک و خەیاڵی شیعرییە. لا ٩/١٠

پێش ئەوەی لە بنەمای دەقی کورسی ورد بینەوە. دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە وەچەی پێش ئێمە گەلێ بۆچوون و چەمک و زاراوەی چەواشەیان لەمەر دیاریکردن و دەق و خوێندنەوەی دەق بەکارهێنا و نیو سەدەیە بوارێکی مەعریفی سەقەتیان لەمەڕ خەڵقی ئەدەبییەوە پێشکەش کردوین. ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە لەنێو ئەدەبییاتی ئێمە شاکار. با مانای کە پڕ بە پێشتی ئەم وشەیە بێت. پەیا

نەبوو. کاتێک ئەم پێشەکییەوە و دەیان وتاری دی ئەدەبی تەرجەمەی زمانە زیندووەکانی دونیا دەکرێ. ئەوکات لە گشت ئەو کەلێنە مەعریفیی و چەواشەبوونانە تێدەگەین کە زمانی رەخنەی ئێمەی تێکەوتووە.

بە شیکلێک لە شیکلەکان. تێگەیشتنەکانمان لە ئەدەب و هونەر بە بێ کۆسپ و تەگەرە نین. هەمیشە رەنگی ئەخلاقبازیمان بەسەر بەرهەم دا هێناوە لە دوا هەوڵیش دا. ئەدەب و خێرخوازی یەک دەلالەتیان هەبووە! ئەدەب و رابەریی یەک مانایان هەبووە. ئەدەب و مامۆستایی یەک واتا گەیاندووە و ئەدەب و شۆڕشگێریی لە یەک پێستدا هەڵیان کردووە.

بێگومان تەعریفەکەی سەجادی کە لە بەلاغەتی عەرەبییەوە فۆرتونێتییەوە کورت دەهێنێ و بەلاغەتی عەرەبی کلاسیکی دەمێکە توانای ئەوەی نەماوە دەق وەکو پێویست بخوێنێتەوە. دەمێکیشە تەنها سەرچاوە رۆژئاواییەکان وێڕای رووسەکان. بە شێوەیەکی بابەتی و مێتۆدیی لە زانستە مرۆییەکان دەکۆڵنەوە و سوود لە پرنسیپە جیاوازەکان دەبینن بۆ ئەوەی بە کارێکی زانستی هەڵسن. دەمێکە لە سەنتەر و لابۆرەکانی رۆژئاوا. باس لە ئەنتەردیسپلین دەکرێت. واتە تێکهەڵکێشبوونی دیسپلینەکان. دەمێکە لێکۆڵەر ئەو زانا تاک و لاتەریکە نییە تەنها خۆی و بۆ خۆی نهێنییەکانی وجوود کەشف کات. بەڵکو تەزوویەک سەرتاپای دیسپلینەکان پێکەوە گرێ دەدات. یەک سوود بەوی دیکە دەگەیەنێت و یەک ئەوی دیکە دەکاتە سەرچاوە.

بە رای من. مێتۆدەکەی ژان کۆهن لە مەڕ دەسنیشانکردنی شیعر و پەخشانەوە زێتر سوودمان پێدەگەیەنێ کە پێوەری لادان بەکاردەهێنێ. چونکە بە شێوەیەکی ئامارەیی ئەم کێشەیە حەسم دەکات. نوسین بە شێوەیەکی گشتی دەکاتە دوو بەشەوە. شیعر و پەخشان. کۆهن بە شێوەیەکی ئامارەیی واتە ئیحسائی. لە ئاستی شیعریی: واتە لە ئاستی دەنگ و لە ئاستی دەلالەت: پاڵپشت = ئیسناد و لە ئاستی دەلالەت: دیاریکردن = تەحدید و لە ئاستی دەلالەت: پەیوەست. لە ئاستی تەرتیبی وشە و لە ئاستی وەزیەفەی شیعرییەتەوە لێکۆڵینەوەکەی ئەنجام دەدات. (بۆ زیاتر بڕوانە. شیعر تەنها هەر بنەمایە. ئەحمەدی مەلا. ٢٠٠٥. ئاراس. لا. ٤٤. ٤٥. ٤٦)

بە گوێرەی ئەو. زمانی پەخشان زمانی مەنتیق و لێکدانەوەی عەقڵیی و هاوکێشە زانستی و ماتماتیکییەکانە کە وێنە و مێتافۆر زۆر بە دەگمەن تیایا دەردەکەوێت. بە پێچەوانەشەوە. زمانی شیعر زمانی وێنە و مێتافۆر و زمانی ئاماژەکانە.

بە شێوەیەکی دیکە. ئەگەر بۆچوونەکانی میشۆنیک بەکاربهێنین ئەوە کێشەی ناولینان و ئاماژە دەکاتە دوو پێوەر بۆ شیعر و پەخشان. زمانی وەسف و زمانی ئاماژەکردن و ئیجا. واتە زمانی ناولێنان و زمانی ئاماژە.

کاتێک شیرکۆبێکەس دەقەکەی پێناسە دەکات. دەڵێ: گێڕانەوە و سەردی شیعری شێوازی دیاری ئەم دەقەیە. لا٨ باس لە شتێک دەکات کە ناگونجێن پێکەوە. ئەمە مانای ئەوە نییە دروستکردنی دەقی وا مەحاڵە. خۆ هەموو دەزانین شیعر و گێڕانەوە لە سەردەمێک دا یەک شت بوونە. یا رەوانتر. گێڕانەوە دەهۆنرایەوە. یا شانۆ دەهۆنرایەوە. ئەویش لە پێناو وتنەوە و گۆرانی و نمایشکردن بووە. لە بواری ئەدەبییاتی هاوچەرخیش دا. دەکرێ رۆمانێک بە زمانێکی شیعریی بنووسرێت یا شانۆنامەیەک یا فیلمێک هەروەکو لە سیرانۆ بێرژێراک بیینمان کە شانۆنامەیەکی شیعرییەوە کرا بە فلیم. بەڵام مومکین نییە ئەم تێکهەڵکێشییانە لە گەڵ زمانی شیعریی دا ئەنجام بدرێت. واتە ناکرێت دەقێکی شیعریی شتمان بۆ بگێڕێتەوە. دەکرێ توخمی گێڕانەوە تێهەڵکێشکرێت. بەڵام لە سیاق و سەبکێکی شیعریی دا.

لە پێشەکی کورسی دا شێرکۆ بێکەس دەنووسێت: لەم بەرهەمە تازەیەمدا. ویستوومە لە یەک کاتدا شیعر و چیرۆک و پەخشان و شانۆنامە. هەر یەکەو. بە خاسیەتە دیارەکانی خۆیانەوە. لە گەڵ یەکتر کۆبکەمەوە و یەک تەوەریش یان یەک بیرۆکەیش. لە سەرەتاوە تا کۆتایی. هەموویان. وەک پەت و دەنکەکانی ملوانکەیەک پێکەوە ببەستێتەوە لا ٨.

ئەم ئاوێتە بوونە بەم شێوەیە ئەنجام نەدراوە و نادرێتیش. پێش ئەوەی باس لەم ئاوێتە بوونە بکەین. شێرکۆ بێکەس پێی دەچێ لە زاراوەی پەخشان هەروەکو ئەوەی کە سەجادی بە هەڵە لێی تێگەیشتووە و بە هەڵە لە نێو ئەدەبییاتی کوردی دا دووپات و دەپات دەبێتەوە. ئەمیش بە بێ ئەوەی بە چاوێکی نوێەوە لە زاراوەکان ورد بێتەوە. جارێکی دی بە هەڵە دەیگەیەنێتەوە بە خوێنەر.

ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیش چۆن هەر تەرح و بە خەسائیسی خۆیەوە دەکرێ تێکهەڵکێشی ئەوەی دیکە بکرێت. پاشان ئایا خەسائیسەکانی شیعر چین و خەسائیسەکانی پەخشان چین. لە نێو خانەی پەخشانیش دا. چیرۆک و شانۆنامە و رۆمان و راپۆرتاژ هتد مان هەیە. خەسائیسەکانی چیرۆک چین و خەسائیسەکانی رۆمان و رێپۆرتاژ چین؟ سنوورەکانی نێوانیان چۆن دیاریی دەکرێن و چۆن تێکەڵی یەکتر دەبن و چۆن لە گەڵ یەکتر هەڵدەکەن.

هەموو دەقێک کە دوو دیالۆگی کەوتە نێوی خۆ ناکرێ ئیتر ببێتە شانۆنامە و هەموو دەقێک کاتێ باس لە شەخسییەتێکی شانۆ بکات ئەمە مانای ئەوەی نییە ئیدی ئێمە شانۆمان نووسیەوە! چیرۆک هەروەکو دەزانین جیاکردنەوەی لە رۆمان زۆر ئاسان نییە. بەڵام دیسانەوە

دەکرێ هێڵە گشتییەکانی دیاری بکەین. چ بە درێژی و کورتی بێت. چ بە چنینی زمان و کارەکتەرەکان بێت و چ بە کرۆنۆلۆژیا و رووداوەکان و چ بە قووڵبوونەوە لە بارە دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان بێت هتد. هەروەها رێپۆرتاژ واتە گوازتنەوە هەواڵێک چ بە نووسین بێت چ بە فۆتۆگراف چ بە فلیمکاری لە شوێنی حەدەسەوە بۆ خوێنەر یا بۆ بینەر. ئەوەی لە دەقی کورسی ئەنجام دراوە. چەندین شوێنی حەدەسە و تەنها هەر بە نوسین ئەنجامدراوە. بەڵام ئایا رێپۆرتاژ وەکو رێپۆرتاژ دەبینرێت؟ نەخێر باس لە رێپۆرتاژ دەکات. ئایا کاتێک لە دەمی کورسییەوە باس لە دیدارێکی رۆژنامەنووسیی دەکرێت. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە لە دەقەکە رێپۆرتاژمان بەرهەم هێناوە؟

هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا دەنووسێت: دیالۆگی ئاسایی و قسەی رووتیشی تێئێکەوێ . هەروەکو بێنڤێنیست (بۆ زیاتر. بڕوانە گرفتەکانی زمانەوانی هاوچەرخ. گالیمار. ١٩٦٦) پەخشان دەکاتە دوو بەشەوە: خیتاب و گێڕانەوە. هەڵبەتە دیالۆگ دەکەوێتە خانەی خیتابەوە کە لە نێوان دوو کەس یا زیاتر دەکرێ ئەنجام بدرێت و هەروەها مۆنۆلۆگیش واتە ئاخاوتن لە گەڵ خودی قسەکەریش لە نێوان دوو من دا ئەنجام دەدرێت. دیسانەوە لە رووی زمانەوانییەوە هەر بە دیالۆگ دەچوێندرێت و دەکەوێتە خانەی خیتابەوە. کەواتە دەبێ لە خانەرێژکردنەوەکەی شێرکۆ بێکەس دا. دیالۆگی ئاسایی و دیالۆگی نائاسایی هەبێت کە ئەمەی دووەمیان تەنها بەلاغەتی کوردی دەتوانی ئەنجامی بهێنێ!

هەروەها قسەی رووت رەنگبێ مەبەست لە قسەی بازاڕیی بێت. هەرچەندە ئەم زاراوەیە هیچ ئەنجەتێکی زانستی بەخۆیە ناگرێت و رەنگبێ هەر مەبەستی لە دیالۆگی ئاسایی بێت. لە ئاستەکانی زمان دا زۆر جار زمانەوانان ئاماژە بۆ ئاستی ستاندار و ئاستی ئاشنایەتی و ئاستی ئارگۆتیک یا بازاریی دەکەن. کە ئەمیش پەیوەندی بە حالەتی نزیکبوون و هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سایکلۆژییەکانەوە هەیە. ئەگەر مەبەستیش لە کلام مجرد عەرەبی بێت. دیسانەوە ئەمیشیان بەلاغەتێکی بێ واتایە. چونکە هەوەکو سۆسوور لە وانەکانی زمانەوانی گشتیی دا ئاماژەی بۆ دەکات و زمان دەکاتە سێ بەشەوە: زمان وەکو سیستەمێکی موجەڕەد. کە بە عەرەبی لغە دەگرێتەوە. هەرەها پارۆل کە عەرەبی کلام دەگرێتەوە کە قسەی کوردی دەگەیەنێت. بە واتای ئەنجامدان و بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە لە لایەن تاکە کەسەوە و هەروەها لانگاژ کە توانا و قودرەتی ئینسانییە بۆ بەکارهێنانی زمان.

گرفتە سەرەکییەکە ئەو کات دەست پێدەکات کاتێک لە لاپەڕەی ٩ دا دەڵێت: بە گشتی فەزای زاڵ و وێنەی زاڵ زمانی مەجازی شیعر و سەبک و خەیاڵی شیعرییە. سەئەنجامیش بە یەکگرتنەوە و یان بە کۆبوونەوەی هەموویان جۆرێ لە رۆمان دروست ئەبێ! دیسانەوە بە نیشانەی سەرسوڕمان کۆتایی بەم رستەیە دەهێنێت. یەکەم. فەزا زاڵ نابێت بەڵکو دروست دەبێت. بەڵام دەکرێ وێنەی شیعریی زاڵ بێت. هەروەها لێرە زمانی مەجازی شیعر دووفاقە دروست دەکات.

دەکرێ بە زمانێکی دیاریکراو بوترێت زمانێکی شیعرییە یا زمانێکی مەجازییە. بەڵام زمانی مەجازی شیعر ! چونکە زمانی شیعر خۆی لە وێنە پێکدێت و وێنەش ناوێکە بۆ مێتافۆر و ئیستیعارە.

وتەیەکی پێویست ی دەقی کورسی تەنها دووپاتکردنەوەی بەلاغەتی کوردییە کە لە شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردووە خۆی بە ئینشایەکی بێ بناغەی مەعریفی تەرخانکردووە و خوێنەر تەنها بەرەوە ئاسۆکانی چەواشەسازی پەلکێشکردووە.

٢- بەکارهێنانی مێتۆدی بنەمای بازنەیی و بنەمای شاقووڵی.

من گریمانی ئەوە دەکەم کە دەقی کورسی لە بنەما جێگیرەکانی. دەقێکی سەردی رووتە. رووت لێرە بەو مانایا بەکاردەهێنم کە تۆدرۆف بە نیزامی لۆژیک و زەمەنی (بنەماگەرێ چییە؟ تچێتان تۆدۆرف.. ٢- شیعرییەت) نیوزەدی دەکات و ئەم جۆرە نیزامەش لە دەوری هۆکار و دەرئەنجام دا خۆی رێکدەخات. هەروەها بە سەردی ئایدیۆلۆژیش ئەو سەردانە لە قەڵەم دەدات کە پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان یەکەکان دروست ناکات. بەڵکو فیکرەیەک یا یاسایەک بەیان دەکات . بەو واتایە ئەمە دەڵێین کە دەقی کورسی لە دەور چەند واتاگەلێکی جێگیر خۆی رێکدەخات. بە شێوەیەکی دی. دەق لە خزمەتی واتا دا نووسراوە. دەکرێ دەیان دەقی جیاواز لە سەر بناغەی هەمان تێگەیشتن و بۆچوون و فیکرانە بنووسرێت.

شێرکۆ بێکەس دەقەکەی ناودەنێت تێکستێکی والا . والا بەو مانایەی کە ئەو لێی تێگەیشتووە کە لە یەک ژانر لە خۆی ناگرێ بەڵکو لە نێوان شیعر و چیرۆک و پەخشان و شانۆنامە و رێپۆرتاژ و رۆژنامەوانیی و رۆمان هتد تێکەڵ دەکات بە مەرجێ هەر یەکەوە خسووسییەتەکانی خۆی پاراستبێ. لە راستی دا هیچ دەقێک ناتوانی ئەم هەموو تەرحە ئەدەبییانە بگرێتە خۆی. ئەگەریش کارێکی وا ئەنجامدرا. لایەنێک دەبێ بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بێت.

لەم بەشەدا دوو تەوەر وەردەگرین: یەکەمیان تێڕوانینیەکانی کۆهنە کە شیعر بەرامبەر بە پەخشان دادەنێت واتە لە لایەک شیعرمان هەیە. بە هەموو چلولقەکانییەوە: لیریکی. ستوونی. مەلحەمی. ڕۆمانسی. سەمبۆلی هتد. هەرچەندە ئەم دابەشکردنانە زێتر مەدرەسین و هەندێ لە ڕەخنەگران بە باشی دەزانن ئەم پۆلێنکردنە ئەنجام بدەن بۆ زێتر ئاسنکردنی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی. بەڵام لە ناواخن دا شیعر جۆرە نووسینێکە زێتر لە بەشەکانی ئەدەبی دیکە ترانئیستۆرین واتە بە نێو مێژوودا تێدەپەڕن و بە واتایەکی دیکە تەجاوزی زەمەن دەکەن.

مێژوو و شیعر دوو چمکی زۆر ئاڵۆزن و زۆر بە ئاڵۆزیش تێکەڵ یەکتر دەبن. بەڵام لە گێڕانەوی ئەدەبی دا ئەم کارە مومکینترە هەر وەکو تۆدۆرفیش ئاماژەی بۆ دەکات و دەنووسێت: گێڕانەوەی ئەدەبی. وەکو دەزانین نزیکە لە هی مێژوونووسان و لە هی ڕۆژنامەنووسان و لە هی شایەدان لا ١٠٧. هەمان سەرچاوە. پەخشانیش لەهەمان کات ڕۆمان و چیرۆک و ڕۆژنامەوانی و ڕیپۆرتاژ وبەڵکو قسەی ڕۆژانەش دەگەیەنێ. هەروەکو جوردان. یەکێکە لە کارەکتەرەکانی مۆلێر دەپرسێ ئەرێ پەخشان چییە؟ وەڵامی دەدرێتەوە کە پەخشان ئەو شتەیە کە ئەو ئێستا قسەی پێدەکات. واتە قسەی ڕۆژانەشە.

ئەگەر هات و ئێمە چمکی شیعریمان لە دەقی کورسی بە شێوەیەکی کاتیی سەندەوە ئایا چی دەمینێتەوە؟ چیرۆک و ڕۆمان و ڕیپۆرتاژ و قسەی ڕۆژانە و هتد دەمینێتەوە. ئایا دەقی ناوبراو چیرۆکە بەو مانایەی کە یەکێتی سەرد و یەکێتی ئێفێکت دەپارێزێ؟ نەخێر بەو مانایە کورسی چیرۆک نییە هەر وەکو چیرۆکەکانی مۆپاسان و شیرزاد حەسەن یا موکری دەینانووسن. چ لە ڕووی درێژییەوە چ لە ڕووی ڕووداوەوە چ لە ڕووی زەمەنی ڕووداوەکانەوە چ لە ڕووی دارشتنی سەرکاغەزیشەوە. فەزای سەرخستنە سەرکاغەزی دەقی کورسی شیعرییە. دەیان وێنەی شیعریی تێدایە بەڵام بنەمایەکی سەردی رووتی هەیە. جگە لەوەی کە نیوەی لاپەڕە بە بەتاڵیی ماوەتەوە و میزەنپاژی واتە خستنەسەرکاغەزی وشەکان زێتر لە فەزابەندی دەقی شیعری جێگیردەبێت. بەڵام ناوەرۆکی دەقەکە لێرە مەبەستە. کە ئەمەش دەڵێن پەیوەندی بەتینی نێوان شیکل و ناوەرۆکیش لە یاد نەکەین.

ئایا دەقی ناوبراو ڕۆمانە؟ ئەگەر سەیری ڕۆمان لە دیدەنیگای سیستەمی شەخسییات و کرۆنۆلۆژی و تێم و ڕووداوەکان بکەین. دیسانەوە ناکرێ بەو دەقە بڵێن ڕۆمان. ئەی باشە شانۆنامەیە؟ ئایا دەکرێ کورسی بخرێتە سەرشانۆ و دەرهێنەرێک پێی هەڵسێت؟ جگە لەوەی کە شانۆنامەی کۆن و نوێ. مەبەست لە شانۆنامەکانی مۆلییەر و راسینە کە بە کلاسیکی دەناسرێنەوە کە یەکێتی کات و شوێن و ڕووداو وەکو بنەما و یاساکانی دارشتن دەبێ سەیر بکرێت. یا شانۆمەکانی دوای ساڵانی چلەوە کە بە جۆرە یاخیبوونێک دەژمێردرێ و یاسا تەقلیدییەکان پشتگوێ دەخرێن و گۆڕانکارییەکی تەواو لە شانۆنامەکانی بیکێت و یۆنسکۆ و ژان ئەنۆیی هیتران کە شانۆنامەی ساڵانی بیست و سییەکان بە تەواوی تەجاوز دەکەن و شیکل و زمان و شەخسییاتی دیکە دەخەنە سەر تەختەی شانۆ؟ (لێرە مەبەست لە مێژووی شانۆی فەرەنسییە)

شانۆنامە دەقێکە لە پێناو دەرهێنانی شانۆیی دا دەنووسرێت و هەندەی تێمە گرینگە هەندەش ڕەهەندە زمانەوانییەکان و کارەکتەر و شێوەکانی دەرهێنانیش دەبنە بنەما سەرەکییەکانی شانۆی نوێ. ڕاستە دەقی کورسێ باس لە عوسمان چێوار و ئەپسن و چایکۆف دەکات. بەڵام ئایا هەر دەقێک بە ناوهێنانی ناوی شانۆ و بنووسان شانۆ و کارەکتەرانی شانۆ دەکرێ خەسائیسەکانی شانۆنامە بگرێتە خۆ؟ ئێمە ئەوەش دەزانین کاتی خۆی شێرکۆ بێکەس. شانۆنامەی ئاسک دەنووسێت کە بەزمانێکی شیعریی دەقی ناوبراو دەنووسێ و خەسائیسەکانی شانۆی تێدا بەدیدەکرا و سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئاسک شانۆنامەیەکی شیعریی بوو بە بێ هێچ نکۆڵێ لێکردنێک.

ئێمە لە شیعر تەنها هەر بنەمایە. ئەحمەدی مەلا. ٢٠٠٥. ئاراس. ) باسی دوو جۆر بنەمامان کرد: بنەمای شاقوولی و بنەمای بازنەیی. یەکەمیان بنەمای گێڕانەوەیە و دووەمیشیان بنەمای شیعرییە. جا با بزانین تا چ رادەیەک دەقی کورسی سەر بە بنەمای شاقوولییە بۆ ئەوەی بیدەینە پاڵ دەقی گێڕانەوە.

بنەماکانی دەقێکی شاقوولێ ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- یەکێتی بابەت و پەیوەندی بە ناونیشانەوە

٢- ڕووداوەکان و پەیوەندی نێوانیان. یا پەیوەندی لۆژیک و مەنتیقی نێوان توخم و وێنەکان.

٣- هێڵی زەمەنی یا کرنۆلۆژیا

٤- پەیوەندی نیوان سەرەتا و کۆتایی

لە دەقی کورسی دا. حەکایەتخوانمان هەیە کە شیرکۆ بێکەسە و شەخسییەتی کورسییەکمان هەیە کە تۆدرۆف پێی دەڵێ ئەکتان واتە هەڵساو بە کردەکان.

**بابەت: بەسەرهاتی کورسییەکمان بۆ دەگێڕیتەوە. وەسفی فیزیکیی و باری دەروونی:**

**وەسفی فیزیکی کورسی: بە ساڵاچوو. کەرتەباڵا. ئێسک سووک. تەوێڵ پان. دەست باریک. ناوشان تەنگ. وریا. قنج. زەردەڵە. قاچێکی دەشەلێ. قژرووتاوە. تەندروست تەخت. جەمگەکانی باشن.**

**وەسفی ناوەکی: ماندوو. تاکی گۆشەگیر. شپرزە. خەیاڵاوی. بێتاقەت. دڵگوشراو. رۆح هەڵقچراو. دەسبڵاو (باوەشی بۆ هەموو کەسێ واڵایە)**

**سیستەمی شەخسییات: کورسییەکانی دەورەبەر. قەنەفەیەکی عوسمانی ئەسکەملی راکردووی خەڵکی سنە)**

**کاتێک پرۆپ هێڵکاری حەکایەتی رووس دەکێشیت و وەکو مۆدێلێک پێشکەشی دەکات باس لە: دوو بەرە دەکات و لایەنگیریی هەردوو لا و ماددەی گێرمەوکێشەکان. لە دەقی کورسی دوژمن با یا رەشەبایە. پەپوولە دۆستە و کورسی حەکایەتەکان دەگێڕێتەوە. ئەو بەسەرهاتانەی کە بەسەری هاتووە و لەو بەسەرهاتانەش حیکمەت و دەرز بۆ ئەوەی داهاتوو دەگێڕێتەوە. رەچەڵەکی کورسیش دارگوێزی باپیرە وەک سەمبۆلی هەرە زەقی کوردستان و پاشان بوونی بە بنەتۆو و پاشانیش بە ئەونەمام. واتا لە دەقی ناوبراو کرۆنۆلۆژیا یا هێڵی زەمەنی بە شێوەیەکی سفت. لە باپیرە دارگوێزەوە پێیدا دێتەوە خوارەوە تا زەمانی ئەنفالەکان. ئەگەر لە توخمەکانی سروشت ورد بینەوە. سەرەرای ئەوەی دەچینە نێو دونیایەکی رۆمانسی. هەروەها دەمانباتیشە نێو دونیایەکی منداڵانەوە. کورسی وەکو ئاکتان. بە زمانی منداڵێکەوە شتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە و باس لە بوونی دوو خوداوەند دەکات یەکێکی دارتاش و ئەویتر سروشتە. زمانی کورسی وەکو ئەکتان زمانێکی بێ گرێوگۆڵە. زمانێکە سەر بە خەیاڵێکی سادەی منداڵانەیە. بە زمانێکی رەوان و یەک لە دووی ئەویتر کردە و رووداوەکان دێنە خوارەوە. ئەمەش لە گەڵ سایکلۆژی منداڵ و بنەمای عەقڵیی ئەو دا زۆر لە بارە و توخمی رەشەبا وەکو دەعبا و نەیار و توخمی پەپوولە وەکو جوانکیلە و ناسک و بەرێ لە سەرتاپای ئەدەبیاتی رۆژهەڵات بە ئەدەبی سۆفیگەریشەوە ئەم رەمزەیان تا تخووبی بێمانایی بەکارهێناوە. ئەم دووبارەکردنەوە تەنها لێدانێکی دیکەیە لە دەرگای زاکیرەی گشتی.**

**چین ئەو پەیوەندییانەی کە رووداوەکان بە یەکترەوە دەبەستێتەوە؟**

**سەرەتا کورسییەکە باسی گشت ئەو بەسەرهاتانە دەکات کە تووشی هاتووە. کەلێنێک لە زاکیرەی دروست دەبێت کاتێک دەڵێ: من رۆژگاری بنەتۆوی و زۆر ساوایی خۆم بیر نییە! لا ٣٣ ئەگەر پەپوولە هاوڕێ و دۆستی کورسی بووبێت. ئەوە رەشەبا دوژمنێتی. لێرە دەکەوینە نێو سیستەمی دوالیسمەوە. هێزی شەڕ و خێر. دونیا رەش و سپی. جوان و ناشرینی. پەری و شەیتان و پاکیی و پیسیی. دوالیسم یا فیکرەی سونائی دیسانەوە یەکێکە لە دەرزەکانی ئەخلاق و فێرکردن و پەروەردەی منداڵان.**

**رووداوەکان بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی لە منداڵیی کورسییەوە پێیدا سەردەکەوێ تا هەرەتی لاویی. منداڵییەکی خۆشی نەدیو و پاشانیش هەرزەکاری و چاوبرکێ لە گەڵ دارسێوو هتد (بە درێژیی عەشقەکانی خۆی دەژمێرێ)**

**دایکی کورسی سێڵاو دەبیات دایەنی دەبێت کە دارهەنجیرە و لە دایەنیش دوو برای شیریی دیکە (یەکێکیان فرۆکە کوشتی و ئەویتر ئەحمەد موختار دەبێتە کوڕی نۆبەرەی ئەو خانمە) . پاشان دەگاتە هەرەتی لاوی و مەولەوی غەمگین رێی دەکەوێتە بن سێبەرەکەی. ئێمە ئیتر بەرامبەر بە زنجیرە رووداوێکین کە لە نێوانیان چەندین دەرزی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی قووت دەبنەوە. بۆ نموونە لە مەڕ دەرزە کۆمەڵایەتییەکانەوە ژنی دووەم دەبێتە کۆتەی قەساب یا پیاوەکەی دراوسێ کاتێ ژنی چوارەم دەهێنێ دەمرێ دەبێتە دارەڕای سەرئاودەست یا چەنەباز دەبێتە ستوونی بەردەمی ئاش یا کۆنەهاوسێی درێژی خێرخواز دەبێتە دارچرا یا ئامۆزای مەست و سەرخۆش دەبنە دەرگای مەیخانە یا عاشقی شێت دەبێتە تەختەی جۆلانە (بڕوانە لاپەڕەکانی ٧٣/٧٤/٧٥/٧٦/٧٧/٧٨/٧٩**

**پاشان زنجیرە رووداوێک کە تیایا کورسی پیاوە ناودارەکانی شاری سلێمانی دەناسێ هەر لە پیرەمێرد و گردی یارەوە بۆ نەورۆز لا٩٧پاشان ناسینی بێکەس و بیست و حەوت ساڵە و بەسەرهاتەکەی ئەدمۆنس کە چەندین لاپەڕەی بۆ ئەم رووداوە تەرخان دەکات (لا ١٠٠/١٠١/١٠٢/١٠٣/١٠٤/١٠٥/١١٤**

**پاشان ناسینی ولیەم یۆحەنا و عوسمان چێوار و باسکردنی شانۆ و چواندنی شەخسییەتی کوردی بە شەخسییاتی جیهانی وەکو رووناک بە نورای ئەپسن و پەیوەندی رۆحی چایکۆف بە چێوارەوە. لەم لاپەڕانە و لە چەندین شوێنی دیکە توخمە هەرە زەقەکانی گێرانەوەی حەکایەتی کوردی دووپات دەبێتەوە وەکو: شانۆ هات و شانۆ رۆیشت.. لا١٤٨. یا مەزات هات و مەزات رۆیشت و پیریی هات و گەنجی رۆیشت لا ٢٢٥یا**

**ئا بەمجۆرە**

**دنیا رۆیشت و دنیا هات و**

بازنەی شەو. بازنەی رۆژ

سوڕانەوە و لا ٢٧٨.

یا

كورسی رۆیشت و كورسی هات و

شێت ئەرۆیشت و شێت ئەهات و لا ٢٧٢

یا خوێندنەوەی قانیع (منیش لە باسەكە لامدا. یا بچمەوە بۆ ناو سەرا) لا ٢٠١

لە دەرزە سیاسییەكانیش:

بۆ نموونە: عەرزوحاڵچی شاخپەرست بوو ///ئەگەر ئەو شاخانە دەستیان نەدایەتە دەستمان.. ئەبوو بچوینایە بۆ كوێ؟! لا ٢٠٣

یا شەڕی بەردەركی سەرا لا ٢٢٦

دوای شەشی رەشی ئەیلوول لا ٢٢٧

یا

بە ستوونی هەرە گەورەی سەربازگەیەك... خۆی ئەكوژێ لا ٢٥٠/٢٤٩

كورسییەك.. ئەسمەرێ بوو. خەڵكی كوركووك. كوڕی دار لیمۆیەكی شۆریجە... رۆژێ نایب زابتێكی رەش رەش كورسی فرۆشرا بوو بە كورسی ئەشكەنجەدان لا ٢٥٣

رۆژ هەبوو: زیندانی ریوەڵە و بچكۆڵە... نە شیشی داخ و نە كارەبا و نە بوتل... نەیان ئەتوانی ناو دەروونی لێدەربێنن. لا ٢٥٤

كەتەو زلی وایشم ئەدی.. كەچی بەرلەوەی لە سەرم دانیشن... چۆكیان ئەشكا و... لا ٢٥٥/٢٥٤

هاوەڵێكی حەیدەری یان

جنێو جنێو بەڵام تاكوو بوو بە قیمەش ئاگام لێبوو پێئەكەنی! لا ٢٥٥

پاش گەڕانەوەی شاعیر لە ئاوەرەیی هەواڵێ بە ئەنفالكردنی كورسی دەبیستێ و حەكایەتەكە بەم شێوەیە كۆتایی دێت:

هەر ئەو رۆژە چوومە بەردەم چایخانەكە. چاومگێڕا. كورسی تازەی

زۆرم بینی بەڵام كورسیەكەم دیار نەبوو... هەشتاكان بوو. وەستا ئەو

كورسیە و كورسیەكی تر و قەنەگەیەكی عوسمانی. بەخشی بە ئاوەڵ

زاواكەی خەڵكی دەوروبەری كفری... بەرەوە خوار هەموو بران.. ئەنفالكران!

چاوم لە خاڵێكی رەشدا. چەند چركەیەك

بوو بە پەرەسێلكەی قەتیس.

ئەو وەختەی سەرم هەڵبرێ

پەرەسێلكەم بڵند فڕیو

لە تەختی ساماڵێكدا هەورێمكم دی

كە لە شێوەی كورسیەكەدا

هەمان كورسی

نزیك بە بارەگای خودا. دانرابوو

چاوەڕوان بوو. ئێجگاری

ئازادیی خۆی بێ و لە سەری دابنیشێ. لا ٢٩٧/٢٩٦

ئەگەر لە مەنزووری زەمەنییەوە سەیری ئەم گێڕانەوەیە بكەین ئەوە درك بەم خاڵانەی لای خوارەوە دەكەین: كورسی سەرەرای ئەوەی ناونیشانی دەقەكەیە. هەروەها ئەكتانێكە و حەكایەتخوان لە دەمی كورسییەوە بەسەرهاتە مێژووییەكانی شاری سلێمانیمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەر لە مەولەوییەوە پێیدا دێتە خوارەوە تا رۆژی شەشی ئەیلوول و شۆڕشی شاخ و ئەنفال و ئاوەرەبوونی شاعیر و گەڕانەوە و ئەنفالكردنی كورسی.

لەم نێوەندە كۆمەڵێ دەرز و عیبرەت دەمینێ كە شاعیر دەیەوێ بیچرپێنێتە بنا گوێی نەوەی نوێ. پەیوەندی نێوان كۆتایی و سەرەتاش. پەیوەندییەكی زۆر ئاساییە. بە لە دایكبوون دەستی پێدەكات و بە شەهید بوون لە پێناوی ئازادی كۆتایی دێت.

دەق لەم نێوانە. دەقێکی مێژوویی نییە تا مێژوومان وەکو خۆی بۆ بنووسێتەوە. بەڵکو مێژوویەکی ئینتیقایی و هەڵبێژێراوە. بەڵام لە سەر هێڵی مێژوویی کاری کردووە. راستە بە زمانی ئیستیعارە و وێنە حالەتەکانمان بۆ نەقڵ دەکات. بەڵام ئەگەر لە مەنزووری پێشکەوتن و گشت ئەو گۆڕانکارییە زمانەوانییانەوە سەیری ئەم دەقە بکەین. ئەوە هەست دەکەین زیاتر لە نێو تەیاری روانگە خۆی تۆمار دەکات وەک گشت ئەو هەوڵە شیعرییانەی کە لەم بیست ساڵەیی دوایی ئەنجام دراوە.

ئەگەریش لە دیدەنیگای نوێخوازییەوە سەیری ئەم دەقە بکەین. ئەوە نابێت تەنها لە رێگەی ئەو بیست و یەک وشە تازەیەوە سەیر بکرێت کە شێرکۆ بێکەس هەمیشە ئەوەی پێ ئاشناکردووین وشەی نوێ و نەبیستراو بهێنێتە نێو قامووسی نووسینەوەکانییەوە. بەڵام نویخوازی بە هیچ شێوەیەک ئەم حالەتە بە ئیعتیبار وەناگرێت. چونکە هەر وەکو ئەدۆنیس لە زۆر شوێن ئاماژەی بۆ کردووە. نوێخوازی لە سێ ئاست دا تەشکیل دەبێت:

١- روانگە و جیهانبینی

٢- بنەما تەعبیرییەکان

٣- ئاستی زمانی شیعری

لەم بۆچوونەوە سەرتاپای روانگە و جیهانبینی روانگەییەکان لە دەقی کورسی دووپات دەبنەوە و دەکرێ بردێتە پاڵ قوتابخانەی روانگەیە کە خاڵە بنەڕەتییەکانی ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- نووسین قاڵبووی ئازارە. بۆیە دژی ئازار دەجەنگین

٢- جوانی پەرستە.. بۆیە ناشرینیناگرێتە خۆی

٣- شۆڕشگێرە.. بۆیە لە ئاستی هیچ کۆسپ و مەترسییەک دا سڵ ناکاتەوە

٤- مرۆڤی کورد دەینووسێت... بۆیە بۆ نەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ.

بە لایەنی کەم ئەم چوار خاڵە بە تەواوی بە سەر دەقی کورسی دا تەتبیق دەبێت.

بە شێوەیەکی تەواو. ئەگەر نەڵێین هەر هەمووی. بەڵکو هەرە زۆربەی بنەما تەعبیریی و ئاستی شیعریی دەق سەر بە کەرەسەی ساڵانی حەفتاکانە: فێری رووناکی کردم و رێگای هەتاوی نیشاندام لا ٢١٩ یا

هەندێ پەپوولەی پاییزەی

هەڵاتوو لە دەس باگژەی حکومەت و

هەندێ شیعری بێکەس و

دوو سێ مەقامی رەشۆل لا ٢٣٩

یا لە ناو لم و خۆڵ و لە وڵاتی عوجاجەوە... بە هەزاران رەشەباوە گەیشتوون لا ٤١

یا

ئەگەر ئەم شاخانە. دەستیان نەدایەتە دەستمان. وەک پێدەشت

بێدەست بونایە. ئەبوو بچووینایە بۆ کوێ؟! لا ٢٠٣

بنەمای دەق گێڕانەوییە. واتە سەر بە بنەمای شاقووڵییە. دەقی ناوبرا و گشت چمکە بنەڕەتییەکانی حەکایەتی تێدایە بەڵام بە زمانێکی شیعریی نووسراوە. واتە شیعر لە خزمەتی گێڕانەوەیە. ئەمەش تەنها لاواز کردنی شیعر دەگەیەنێت.

٣- جیهانبینی و چمکە سێمانتیکییەکان

هەروەکو ئەدۆنیسیش دەستنیشانی دەکات و دەڵێ روانگە و جیهانبینی یەکێکە لە کۆڵەگەکانی نوێخوازی. ئەگەر بە وردی دەقی کورسی بخوێنینەوە گشت ئەو چمکە سێمەنتیکانە بخەینە ژێر توێژینەوە و لەوێوەش فەزای زیهنی و فەزای عەقڵییەتی نووسەر دەنسیشانبکەین. ئەوە دەبێ لە وێنەکان دا ئەم چمکانە بەسەر بکەینەوە.

ئەگەر بێت و شیعر لە دەوری کۆ-خۆێندنەوە چەق ببەستێت یا دەق بەرەو ئیحتیمالاتە بێکۆتاییەکان بخاتە سەر گازەرای پشت. ئەوە حیکایەت لە دەور چەند واتا و چەند سەمبۆل و چەند بینینیکی دیاریکراو خۆی رێکدەخات و پەیامەکەی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات. هەڵبەتە ئەم شکستییە لە نێو دەقی شیعریی کوردی دا زۆر بە زەقی دەردەکەوێت و یەکێکە لە قەیرانە کوشندەکانی دەقی شیعریی لای خۆمان. ئەم حالەتە لە دەقە کورتەکانیش دا دەردەکەون. چونکە بنەما پەیوەندی بە کورتی و درێژییەوە نییە.

**لە سەرەتا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە   با  یا   رەشەبا  لەم دەقەدا نەیارە و بەڵکو وەکو دەژمن خۆیمان بۆ کەشف دەکات  با یەکی عەرەب زوبان . لا ٢١٠. ئەگەر سەیری پێکهاتەکانی ئەم توخمە بکەین و لەوە تێددەگەین  با  عەرەبی زوبانە و خۆی کردۆتە حامییە. یەکێک لە خەسلەتەکانی  با  زمانە کە دەچێتە پاڵ بەرەی دوژمن. ئەمە ئایدیۆلۆژییەتێکمان بۆ بەیان دەکات لا ٢١٣. هەروەها لە شوێنێکی دیکە کاتێک باس  نایب زابتێکی رەش رەش  لا ٢٥١ دەکات وەکو تەواو کردنی هەمان وێنەی سەرەوە بێت. لە پاڵ ئەوەی کە زمانی عەرەبییە. رەنگی پێستیشی  رەش رەشە  بە ئاشکرا ئەم دوو ئاوەڵناوە کە وا پێکەوە دەنووسرێن لە زاکیرەی کوردیی دا جۆرە رەگەزپەرستییەک خۆی دەبووژێنێتەوە. دووپاتکرندنەوەی ئاوەڵناو دیاردەیەکی زمانەوانییە دەکرێ جەخت لە دزێوی یا وەکو سیفەتێکی جوانکارییش بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە کاتێک دەڵێت   پەپوولەی دۆست ناسک... ناسک  دانانی ئەو چەند خاڵە لە نێوان ئەو دوو ئاوڵناوە لە نەرم و نیانیدا دەخوێندرێتەوە. زۆر بە پێچەوانەی  رەش رەش ە کە بە بێ ئەو خاڵانە و لە تەنیشت یەکتر. شاعیر دایدەنێت!**

**ئەم تێگەیشتنە سەقەتە بەرامبەر بە رەنگی رەش کە مەرج نییە تەنها ناشرین و دزێو و بڵح بێت هەروەکو عەقڵییەتی کوردی دەیبنییێت!**

**لە پاڵ زمانی عەرەبی رەنگی رەشیش. دەبنە دوو توخم و دەدرێنە پاڵ بەرەی دەژمن واتە بەرەی  با  و  رەشەبا . بەڵام کاتێک باس لە رەنگی پێستی کەرکووکییەک دەکات.  دەڵێ  ئەسمەر  هەموومان دەزانین  ئەسمەر  زیاتر بەها دانە بە جوانیی. دەکرێ ئەم خاڵە وەکو رەمزییەتی رەنگ لە کولتوور و سایکلۆژی بنەما ژێرینەکانی عەقڵییەت تەماشا بکرێت.**

**لە ڕوویەکی دیشەوە کاتێک بە چمکە ئەخلاقییەکانا دەچینەوە. دونیای زیهنی دەبێتە دوو بەشەوە: لە پاڵ کورسی درۆزن کورسی بوێر و ئازا هەیە.**

**درۆزنترین کورسی ناو دونیا کورسی دەسەڵاتە**

**ئازاترین کورسیش کە ئەوێرن پرسیار کەن  لا ٢٤٨/٢٤٩**

**ئەم جیهانبینییە سادەیە تەنها لە خزمەتی حیکایەتێک کۆتایی دێت کە مەبەستی تەنها گواستنەوەی بەشێکی مێژووە. جۆرە دەرزوتنەوەیەکە کە لە پێناو ئەوەی ئەدەب لە خزمەتی گواستنەوەی ڕووناکی بێت کە ئەمەش یەکێکە لە هەرە پەیامە ڕوونەکانی ڕوانگە. گواستنەوەی پەیامەکانی خۆشەویستی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەوەی کە بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دوپات دەکاتەوە:  هەژارەکانم خۆش ئەوێ لا ٢٧٦.**

**بە رای من ئەم پەیامە ئینجیلییانە زۆر بڕ ناکەن. چونکە هەندەی هەژاران چاوەڕوانی شتە حەیاتییەکانن. هەندە چاوەڕوانی خۆشەویستی نووسەران و هونەرمەندان نین. لێرە ئیلتیزامی ئەدەب بە چمکە کۆمەڵایەتی و بگرە سیاسییەکانیش بەتەوای پووچ دەبنەوە.**

**گەڕانەی شیرکۆ بێکەس لە ئەورووپاوە بۆ باوەشی زێد و نیشتیمان. یا ڕەوانتر بۆ باوەشی شارەکەی کە هەر وەکو تەوەری سەرەکی دەقی کورسی ییە. دەبینی  ئەمنە سوورەکە  مەڵبەندی  با  و  ڕەشەبا  کەوتۆتە دەست کوردان و سروودی  ئەی ڕەقیب  بە جادە و کۆڵانەکانا پیاسە دەکات. لە مانا هەرە ڕووکەشەکانی دا بەو مەبەستە نووسراوە کە  نەژادی کورد نەفەتاوە  وەکو پەیامی دژەئەنفال خۆی ڕوون دەکاتەوە.**

**لێرە بەردەوامیی کورد لە لایەک. بەردەوامی زاکیرەش لە لایەکی دی تێکەڵ یەکتر دەبن.**

**لێرە بەشیک لە مێژووی نووسەر کە  کورسی یە ئەنفالدەکرێت. شەهید دەبێت. ئەگەر وا تێبگەین کە کورسی  شێرکۆ خۆیەتی. ئەوە شیرکۆیە کە شەهید دەبێت. بەڵام زۆر پێی دەچێ کە کورسی شایەد بێت. شایەدی قۆناغێکی مێژوویی و شەهید دەکرێت. سەرەرای ئەوەی لێکچوونێکی زۆر لە نێوان شەهید و شایەددا هەیە.**

**کورسی ئەنفالکراو لە زیهنی نووسەر دا. لە خەونە قووڵەکانی دا. لە ژێرخانی ناهۆشیاریی دا. جارێکی دی. لە دونیایەکی بێگەردی بارەگای یەزدان دەبووژێتەوە و هیوامان بۆ زیندوو دەکاتەوە کە ڕەنگبێ ئازادی بە ئیجگاریی بێت و لە سەری دانیشی هەر وەک چۆن عاشقانی ئازادی دەهاتن و یەک لە دووی ئەویتر لە سەری دادەنیشتن. هەر کەسایەتییەک لەوانە بەشدارییەکی تەواویان کردووە لەوەی کە ڕۆژێ ئازادی بێت و لە سەر  کورسی  دانیشێ. هێوایەک دەمینێ. ئەویش لە کەشکەڵانی فەلەک دایە و لە قووڵایی زیهن دایە و لە سەر زەمینیش چش!!!.**

**لە تەختایی ساماڵێکدا هەورێکم دی**

**کە لە شێوەی   کورسیەکەدا**

**هەمان کورسی**

**نزیک بە بارەگای خودا. دانرابوو**

**چاوەڕوان بوو. بە ئێجگاری**

**ئازادیی خۆی بێ و لە سەری دابنیشێ.    لا ٢٩٧**

**پرۆژەی فیکریی شیرکۆ بێکەس دەگاتە ئەم هاوکێشەیەیی لای خوارەوە: شەهید ئەرکێکە لە پێناوی ئازادی. دونیا دەکرێتە دوو بەشەوە: بەرەی رەشەبا و بەرەی پەپوولە. زاکیرە لە فەزایەک دا زیندووە و تەنها چمکە پۆزەتیڤەکانی دەنووسرێنەوە.**

**بەڵام مێژووی سەدەی بیستەمی کوردی پڕی لە تراژیدیا و کارەسات و مەرگەسات. ئەگەر ویستمان مێژوو بنووسینەوە. دەبێ وەکو زانستێک زۆر بابەتیانە پیایاهەڵچین و هەر ئەویشە یارمەتیمان دەدات بە زیندوویی بمینێنەوە. ئەدەب و هونەر هەندەی دەبێ خۆیان بە جوانکردن و رتووشکردن و فابریکەکردنی واقیع خریک بکەن. هەندەش دەبێ شۆڕبنەوە نێو زاکیرە هەرە قووڵەکانمان و لە نێو لۆچ و کەلێن و هەوارە تاریکەکانی رۆح دا. باس لە گشت ئەو کۆستکەوتنانەمان بکەین کە ئێمەی کورد رۆژ نییە تێیدا قەتیس نەبین. کە ئەویش بەشیکن لە زاکیرە و دەبنە تەواوکەریی مێژوویەک کە کەس جورئەت ناکات بابەتییانەی قەڵەمی لە روو هەڵێهەڵکێشێ.**